

**کاژین خوزندە:**

**یاریزانی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی قەڵای تورکمانی**

# پڕ بەدڵ حەز دەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵبژاردەی کوردستان دابمەرزێ

شاری ئاکرێ خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یارییەکانی تۆپی دەست کە جێگەی دەستیان دیارە لەم یارییە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، کاژین خوزندە تەها یەکێکە لە کچە یاریزانە هەرە بەتواناکانی تیپی تۆپی دەستی یانەی قەڵای تورکمانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی کچانی عێراق و خاوەنی ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاریی تۆپی دەست. کاژین لەدایک بووی ساڵی ١٩٩٢ی شاری ئاکرێ-یەو دەرچووی پەیمانگای وەرزشیی هەولێرە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە ئاستی کوردستان و عێراق، ئێمەش لە نزیکەوە بۆ ئاشنابوون بە ژیانی وەرزشیی ئەو خانمە وەرزشوانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو خۆت لە نێو دونیای یاری تۆپی دەستی دۆزییەوە؟**

- یاری تۆپی دەست حەزێکی منداڵیم بوو، پێشتر من یاریزانی بادمینتۆن بـووم، دوای ئـەوەی ڕاهێنەرەکـەم هانیـدام کە یاری تۆپی دەسـت ئەنجام بدەم، سوپاس بۆ خوای گەورە توانیم خۆم لە نێو دنیای ئەم یارییە بە باشی ببینمەوە.

*** ئاستی یاری تۆپی دەستی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- وەکـو ئاسـت، مـن ناتوانم بڵێم یاری تۆپی دەسـت مـردووە، چونکە لە یارییەکانی تر باشترە لەکوردستان.

*** هەسـت ناکـەی بەهـۆی کەمی کردنەوەی پاڵەوانیەتی ئاسـتی کچان وەکو پێویسـت نییە؟**

- نەبوونـی پاڵەوانیەتـی نـەك تەنیـا ئاسـتی یاریزان، بەڵکو هەسـت و حـەزی یاریزانان کەم دەکات کە گەورەترین بەربەستە بۆ پێشوەچوونی ئاستی یاریزان.

*** چی بکرێت باشە بۆ باشتربوونی ڕەوشی ئەم یارییە؟**

- بۆچوونـی مـن ئەوەیـە کـە پاڵەوانیەتی بکرێتـەوە بۆ یاریزانان و هەرهیچ نەبێت سـاڵانە هەوڵ بدرێ ٢بۆ٣ پاڵەوانیەتی ئەنجام بدرێت، تا ئاستی یاریزانان باشتر بێت و بەرەوپێش بچێت، ئەو کاتە ئاستی یاریزانیش دەچێتە قۆناخێکی باشتر.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی هەرە گەورە لەم یارییە نەبوونی هۆڵی تایبەتە بەم یارییە. لەم هەولێرە گەورەیە کە پایتەختی کوردستانە، تەنیا یەك هۆڵ هەیە، ئەویش هەموو یارییەکی لەناو ئەنجام دەدەن، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە بۆ یاریزانان، بۆیە پێویستە لە دوای قەیرانی دارایی کێشەی هۆڵی تایبەت چارەسەر بکرێت. بە بڕوای من ئەو سـەردەمە نەماوە وەکو جاران کە بڵێن لەبەر کۆمەڵگە کچ ڕوو لە وەرزش ناکات، بگرە ڕێژەیەکی باشی کچان لەبواری وەرزش کاردەکەن، بەڵام زەحمەتی لەوەیە کەوا کاتێك کچ دەبینێت وەرزش هیچ سوودێکی بۆی نییـە، بۆیـە لێـی دووردەکەوێتەوە. من باسی خۆم دەکەم، جگە لـە وەرزش دوو کار ئەنجام دەدەم، چونکە وەرزش بژێوی ژیانم دابین ناکات، ئەوەش گرفتە بۆ وەرزشکاران.

*** خەونی وەرزشیت لە ژیانی یاریزانیت چییە؟**

-بەرنامـە و پلانـم بـۆ داهاتـوو ئەوەیـە واز لە هەموو کارێك بێنم و خۆم زیاتر تەرخان بکەم بۆ بواری وەرزشـی، بۆ ئەوەی خزمـەتی زیاتر بە وەرزشی کوردستان بکەم.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتیکی نێودەوڵەتی بکات؟**

- من ئێستا لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقم، بڕیار وابوو بەشداری لە پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا بکەم، بەڵام بەهۆی پێنەدانی مۆڵەت لە کارەکەم نەمتوانی بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکە بکەم، من بۆ هەڵبژاردەی عێراق یاری بکەم، چۆن بۆ کوردستان یاری ناکەم، پڕ بەدڵ حەز دەکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و منیش یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

-ئەگەر خێزانەکەم هاوکارم نەبوونایە، من نەمدەتوانی تا ئێسـتا بەردەوام بم لە کاری وەرزشـی، بەتایبەتی بابم و ئێسـتاش هاوسەرەکەم و خەزوورم کە زۆر هاوکارمن.

*** چۆن بوو پێوەندیت بە یانەی قەڵای کچان کرد؟**

- لەبەر هەڵوەشانەوەی تیپی تۆپی دەستی کچانی ئاکرێ و هەروەها گرنگی پێدانی بەڕێوەبەری یانەی قەڵای تورکمانی بە وەرزشی کچان بەتایبەت تۆپی دەست من ڕووم لەم یانەیە کرد و زۆریش لێی ئاسوودەم.

*** ماوەیەك کاپتنی یانەی ئاکرێ بوویت، چۆن بوو ڕیزی یانەکەت جێهێشت؟**

-من تا مردنم شانازی بە یانەی ئاکرێ دەکەم، چوونکە یانەی دایکە و هەروەها شوێنی پێشکەوتنی من بووە.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردوویت؟**


-زۆر یانە هەبوو کە داوای گرێبەستیان لێم کردووە، بەڵام من یانەی قەڵام هەڵبژارد، ئەم یانەیەم پێباش بوو.

*** پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-هەمـوو جارێـك گلەییمـان کـردووە ئێسـتاش گلەیی دەکەین لەبەر نەبوونی پاڵەوانیەتی و گرنگی نەدان بە وەرزشـی کچان، تکادەکەم با بەس بێت نووستن.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا بیڵێی؟**

-زۆر سوپاسـی گۆڤـاری گـوڵان دەکـەم بـۆ ئـەم هەمـوو خزمەتکردنـە بە بواری وەرزشـی کە لەسـەرجەم شـارە جیـاوازەکان وەرزشـکاران بەسـەردەکاتەوە. سـوپاس بۆ برا پێشـمەرگەکانمان کە ئێمە لە سـایەی ئەوان دەتوانین درێژە بە کاروانی وەرزشـیی خۆمان بدەین.



## ڕۆناڵدینهۆ هەڵبژاردەیەکی ئەمریکای باشوور بۆ بردنەوەی جامی جیهانی ٢٠١٨ دەپاڵێوێت




## باڵۆتێلی دلخۆشە بە بانگهێشت نەکردنی

ماریۆ باڵۆتێلی هێرشبەری ئیتاڵی یانەی نیسی فەرەنسا دڵخۆشە بەوەی بانگهێشتی ریزەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی نەکراوە. باڵۆتێلی گۆڵکاری ئیتاڵی دوای بڵاوکردنەوەی لیستی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بۆ یارییەکانی پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی ٢٠١٨ و بانگهێشت نەکردنی، گوتی: زۆر دڵخۆشم بانگهێشت نەکراوم، چونکە دەمەوێت بە باشی ئامادەم بم و ئەو کاتە خزمەتێکی باشی هەڵبژاردەکەم بکەم، هیچ کاتێکیش نائومێد نابم. گۆڵکاری ئازۆری دوای گواستنەوەی بۆ خولی فەرەنسا، لەگەڵ یانەی نیسی ئەم وڵاتە توانیویەتی ئاستێکی باش پێشکەش بکات، بۆیە پێشبینی دەکرا بانگهێشتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکرێت.

# گواردیۆلا سزای یاریزانەکانی دەدات

پیپ گواردیۆلا بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە یاریزانەکانی قەدەغە دەکات، ئەمەش پاش شکستی یانەکەیان بەرامبەر تۆتنهام.

لە یارییەکانی هەفتەی ڕابردوو پریمەرلیگدا مانچستەر ستی تووشی یەکەم شکستهات، لەو یارییەی تۆتنهام بە دوو گۆڵی بێ وەڵام لێی بردەوە.

دوای ئەو ئەنجامە گواردیۆلا بەکارهێنانی ئینتەرنێتی لە کەمپی مەشقەکانی یانەکەی قەدەغەکرد.

زابالیتای یاریزانی ستیزن لەوبارەیەوە گوتی: ئەو بەزۆر ناچارمان دەکات ژەمەکان بەیەکەوە بخۆین، ئینتەرنێت و تەنانەت ٣G یشی قەدەغەکردووە و بە تەواوی لە جیهان دابڕیوین، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەیە یاریزانەکان لەنێو خۆیاندا پێوەندییەکی باشیان هەبێت و گیانی هاوکاری و گونجاندنیان زیاتربێت.



ڕۆناڵدینهۆ ئەستێرەی پێشوی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بەرشەلۆنە پێیوایە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بەڕابەرایەتی لیۆ میسی دەتوانێت ببێتە پاڵەوانی مۆندیالی ٢٠١٨ کە بڕیارەی لە وڵاتی ڕووسیا بەڕێوە بچێت. ئەستێرە بەرازیلیەکە لە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: لیۆ میسی یاریزانێکی نایابە و هەڵبژاردەی ئەرژەنتینیش هەڵبژاردەیەکی زۆر بەهێزە، ئەوان دەرفەتێکی گەورە لە بەردەستیاندایە بۆ ئەوەی بتوانن شادی بخەنە دڵی هەوادارانیانەوەو مۆندیالی ٢٠١٨ بەدەست بێنن لە وڵاتی ڕووسیا.

هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە پاش مۆندیالی ١٩٨٦ ـەوە تائێستا توانیویەتی دووجار خۆی بگەیەنێتەی یاری کۆتایی مۆندیال لە هەردوو جارەکەشدا بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دووچاری شکست بووە.

# بەهۆی گرفتی لەگەڵ یاریزانان راهێنەرەکەی زاخۆ دوورخرایەوە



تەنیا دوای ئەنجامدانی دوو یاری لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی دەستەی کارگێڕی ئەنجامی دەستەی راهێنەرانی یانەکەی بەدڵ نەبوو، بۆیە بە رێککەوتنی هەردوولا، عیسام ئەحمەد و ئەحمەد والی لە پۆستی راهێنەرایەتی یانەی زاخۆ دوورخرانەوە کە نەیانتوانی هاندەرانی یانەی زاخۆ دڵخۆش بکەن. لەبارەی دوورخستنەوەی دەستەی راهێنەرانیش عەبدولوەهاب بارزانی سەرۆکی یانەی وەرزشیی زاخۆ بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند: «هەرچەندە ئێمە ئەمساڵ ئەم راهێنەرەمان هێناوەتە ریزی یانەکەمان بۆ ئەوەی بەفەرمی سەرپەرشتی مەشقی تیپەکەمان بکات لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام بەهۆی گرفتی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان و ئەنجامی تیپەکەشمان لە دوو یاری رابردوو کە وەکو پێویست نەبووە لە دەستپێکی خولەکە، بۆیە بە رێککەوتنی ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕی و دەستەی راهێنەرانی پێشوو بڕیارماندا ئەوان لە پۆستی راهێنەرایەتی دەست بکێشنەوە.» لە بارەی دیاریکردنی ستافی راهێنەرانی نوێ، عەبدولوەهاب گوتی: « ئێمە بەفەرمی بۆ وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی عێراقی لەگەڵ راهێنەری رۆمانی بەناوبانگ ماریان کۆچیرۆنی وەکو راهێنەر گرێبەستمان کردووەو ماریان مارینیکاش وەکو یاریدەدەر لەگەڵی کاردەکات.» لەبارەی بڕی گرێبەستەکەشیان سەرۆکی یانەی زاخۆ گوتی: «گرێبەستی ئەوان تەنیا ٩٠ملیۆن دینارە بۆ ئەم وەرزە تاکو کۆتایی خولەکە.» لەبارەی هێنانی یاریزانانی پیشەگەریش عەبدولوەهاب بارزانی گوتی: «ئێمە بڕیاری ئەوەمان نەداوە ئەم راهێنەرە هیچ یاریزانێك لەگەڵ خۆی بهێنێت، هیچ یاریزانێکیش ناهێنین بۆ ریزی تیپەکەمان، چونکە یاریزانانی ئێمە تەواون و گرفتمان نییە. بەهیوای ئەوەین بتوانین ئاستی یانەی زاخۆ بەرزبکەینەوە.» جێگای وەبیرهێنانەوەیە کەوا بۆ ماوەی ١٠ رۆژ یانەی زاخۆ کەمپێکی مەشقی و راهێنان و چەند یارییەکی دۆستانەی لە وڵاتی ئەرمینیا ئەنجامداوە لەسەر دەستی ستافی پێشووی راهێنەرانی شاری بەغدا.

# پێشمەرگەی هەولێر کۆمەڵەکەی بە بەهێز دەزانێ



پێشمەرگەی هەولێر ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان بە ستافێکی راهێنەری تازەی شاری هەولێرەوە دەچێتە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو یارییەکانی بە شێوازی دوو کۆمەڵە بەڕێوەبچێت، لەگەڵ ئەوەی کوڕانی پێشمەرگە وەرزی رابردوو بە سەرکردایەتی سەمیر بابۆ شەڕی بەدەستهێنانی نازناوەکەیان دەکرد، بەڵام دواجار بە پلەی دووەمی خولەکە رازی بوون، ئەمساڵیش یانەی پێشمەرگە سەرەڕای نوێ کردنەوەی گرێبەستی ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە، ژمارەیەك یاریزانیشی لە یانەکانی دیکەوە هێناوەتە ریزی تیپەکەی بۆ زیاتر پارێزگاریکردن لە ئەنجامەکانی وەرزی رابردوو، لەم بارەشەوە نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند «خۆئامادەکارییەکانمان بەردەوامەو کەمپێکی مەشقمان لە شاری دهۆك ئەنجامدا بۆ ئامادەکاری باشتر و رەخساندنی کەشێکی باش بۆ یاریزانانمان، ئەمساڵیش تاکو ئێستا گرفتێکی ئەوتۆمان نەهاتۆتەپێش بۆ ئەوەی نەتوانین کارەکانمان بە باشی بەڕێوە ببەین، ستافێکی تازەشمان هێناوە لە راهێنەران و بەم ستاف و راهێنەرانە دەتوانین کاری باش بکەین.» نیهاد گوتیشی: «گرفتی داراییمان هەیە، بەڵام لە پارساڵ باشترین و دەتوانین مووچەکانیان دابین بکەین و هەولیش دەدەین پێش دەستپێکی خول بەشی یەکەمی گرێبەستەکانیان پێ بدەین، چونکە گرێبەستەکان نزیکەی ٣٥٠ملیۆن دینارە و پارەش قەرزارین و ئێمە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەین و ماوەی زیاتر لە ساڵێك و ٤ مانگە هیچ بڕە پارەیەکمان وەرنەگرتووە لە وەزارەت.» لەبارەی کۆمەڵەکەشیان گوتی: «کۆمەڵەکەمان زۆر بەهێزە، بەڵام هەوڵ دەدەین لە چوارگۆشەی زێڕین نەیینە خوارەوە، چونکە تیپەکەمان تیپێکی باشە و چەند ساڵێکە ئەنجامی باشمان بووە.»

# کەرکووک دەستی بە ئامادەکاری کردووە

ماوەی یەك هەفتەیە کوڕانی کەرکووك بە سەرکردایەتی دارەوان قادری ڕاهێنەر، دەستیان بە یەکە مەشقییەکانی خۆیان کردووە بۆ ئەوەی لە مانگی داهاتوو بتوانن ئەنجامێکی گەورە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستەبەر بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش کەرکووك ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان، پشتی بە ژمارەیەك لە یاریزانانی شارەکەی بەستووە بۆ ئەوەی بتوانێ ژمارەیەکی گەورە بێت لە خولی نایاب، لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش دارەوان قادر بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: «ئامادەکارییەکانمان هەر چەندە دواکەوتووە، بەڵام ماوەی چەند ڕۆژێکە یەکە مەشقییەکانمان بە بەشداری ژمارەیەك لە یاریزانانی کۆن و تازە دەست پێکردووە، بەهیوای ئەوەشین بتوانین ئامادەکاری پێویست بکەین و ئەنجامیشمان دڵخۆشکەر بێت بۆ هاندەران و یاریزانان و دەستەی کارگێڕیمان، ئەمساڵیش پێکهاتەیەکی باشمان هەیەو حەوت یاریزانی شاری کەرکوومان هێناوەتەوە ریزی یانەکە کە پێشووتر لە دەرەوەی کەرکووك یارییان کردووە، ئەوانیش هەریەك لە یاریزانان (عەلی سیروان و چۆمان عومەر لە یانەی گازی باکوور، بەرهەم بەهادین لە یانەی هەندرێن، ڕامیار ئەحمەد و شۆڕش یوسف و ڕاستگۆ فەریق و سەیف حوسێن لە یانەی سۆلاڤ و ئیدریس هونەر لە یانەی ئاڵتون کۆپری)، لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەری ئەفریقی بەناوی مالمۆ سەندای، هەوڵیش دەدەین بەم یاریزانانە و یاریزانەکانی پیشووترمان ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنین بۆ شاری کەرکووك، بڕیاریشە بۆ زیاتر زانینی ئاستی یاریزانەکانمان چەند یارییەکی دۆستانەی ئامادەکاریش ئەنجام بدەین.»

